# خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعر لە ڕوانگەی شیعرییەتەوە

پ . ی . د .علی طاهر حسین
بەشی وەرگێڕان/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

پ . ی .د . شنۆ محمد محمود
بەشی فارسی / کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی

**الملخص**

قراءة لبعض نصوص الشعر من زاوية الشعرية عنوان بحث حاولنا فيه تحليل بعض نصوص الشعرية ، وكان للنقاد منذ القديم اراء مختلفة ، بصدد هذه الموضوع ، بصوره مستمرة قدموا مثل هذه الأسئلة : هل يدخل كل نص شعرى ضمن اطار الشعرية ؟ و فيه حاولنا أيضا دراسة الموضوع حسب المنهج الوصفى التحليلى ينقسم البحث الى قسمين مع ملخص البحث باللغة العربية و الانجليزية ، فالقسم الاول يتضمن موضوع المصطلح و التعريف و المفهوم كما يتكون القسم الثاني من التطبيق لبعض النصوص شعرية.

**Abstract**

The title of this resesrch includes some poetic texts that are analysed according to the poitic elements . Since the old times , different definitions , interpretations , terminologies and concepts about poetic notion have been discussed and a question has been raised can all the poetic texts be categorised into poetic frame ? This research answers this question . The research is devided into two chapters and it contains an Arabic and English abstract as well. First chapter is dedicated to the terminologies , definition and the poetic concepts . Also in the second chpter practicing some texts were taken as a sample .

**پێشەکی:**

شیعر یەکێکە لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب , هەر لە کۆنەوە لەسەر پێناسە و چەمك و ئەرکەکەی بۆ چوونی جیاواز هەیە , لە هەمان کاتیشدا دیسانەوە لەسەر شیعرییەت هەمان بۆچوون هەیە , ئەو پرسیارە دەکرێت , ئایا هەموو دەقێکی شیعر دەچێتە چوار چێوەی شیعرییەتەوە , بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە , ڕەخنە گران کۆمەڵێك پێوەری هونەری دەکەن بە مەرجی شیعرییەت . ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر هەندێ لەو پێوەرانە , دەقی چەند شاعیرێك دەخاتە بەر تیشکی شیکاری و بەپێی ڕێبازی وەسفی و شیکاری کارکراوە , بابەتەکەش بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە:

بەشی یەکەم : زاراوە ، پێناسە و چەمکی شیعرییەت

بەشی دووەم : پراکتیزە کردن – چەند دەقێك بە نموونە

**بەشی یەکەم**

**زاراوەو پێناسەو چەمکی شیعرییەت**

**زاراوە :**

زاراوەی شیعرییەت (poetics ) بەشێوەی جۆراو جۆر گەڵاڵە کراوە , بۆ نموونە لە ئەدەبی عەرەبیدا بە پێی نووسەر و توێژەر ئەم ئەم زاراوانەی بۆ بەکارهاتووە :

فن الشعر , نظرية الشعر , فن النظم , علم الادب , الابداع , الشعريه , الانشائيه , الشاعريه , (حسن ناظم, ١٩٩٤ : ١٨)
لە ئەدەبی فارسیشدا , زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە لەوانە : هنری شعری , نظریەی شیعری , بوطيقا , فن شعر , شعر شناسی شاعری ( بابك احمدی , ١٣٧٨: ١٠) ( دکتر فاطمه مودرسی , ١٣٩٠ : ٣٢٨ ).

لە ڕەخنەی کوردیشدا , هەرچەند ( عەزیز گەردی ) لە حەفتاکاندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆی لەم بابەتەداوە , بەڵام وەك زاراوەکە کە ( شعرییەتە ) لای ئەم نوسەرانە , عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی , نەوزاد احمد ئەسوەد , ئازاد عبدالواحید , د. محسین احمد و چەند نامەیەکی ئەکادیمی بەکارهاتووە و چەسپیوە.

هەندێکی تریش لە نوسەرانی کورد زاراوەی ( شیعرایەتی ) یان بەکارهێناوە لەوانە : محمد بکر , ئیبراهیم قادر محمد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش , هەردوو نوسەر بەختیار سەجادی و عبدولخالق یەعقوبی , زاراوەی ( بوتیقا ) یان بەکارهێناوە (بەختیار سەجادی و محمد مەحموودی , ٢٠٠٤ : ٦٩ ) ڕەخنەگرانی عەرەب لەسەر ناونانی ئەم زاراوەیە , بۆچونی جیاوازیان هەیە , محمد الولی / محمد الحمری , شکری المبغوت , رجاء بن سلامه , المسدی , احمد مطلوب / السويدان , کاظم جیهاد , ئەمانە بە شیعرییەت ناوی دەبەن , بەڵام تۆقیف طیب البکوشی , حمادی حمود بە ( الانشائية ) ناوزەدی دەکەن , کەچی سعید علوش , عبدالله الغذامی بە ( الشاعريه ) ئاماژەی پیدەکەن و جابر عصفور و محمد الماطشة بە زانستی ئەدەب دەیناسێنن . ( ناظم حسن , مفاهيم الشعريه , ١٩٩٤ : ١٨)

دیارە دیاردەی بوونی چەند زاراوەیی لە هەموو زمانەکاندا شتێکی ئاساییە , بەڵام بۆ زمانی کوردی لەبەر نەبوونی زمانی فەرمی و ستاندارد , زۆر جار خوێنەر تووشی کێشە دەکات.

**پێناسە و چەمك :**

لە ڕەخنە و ئەدەب دا کێشەی پێناسە و چەمك هەیە , زۆر نوسەران و توێژەرەکان لەسەر یەك پێناسە و چەمك کۆك نین , هەندێ جاریش ئەمە پەیوەندی بە دیاردەی وەرگێران , فرە بۆ چوونەوە هەیە . لە ڕەخنەی کوردیشدا , هەرچەندە چەند نامەی ئەکادیمی و وتاری ڕەخنەیی لەسەر ئەم بابەتە هەیە , بەڵام زۆر جار هەڵە تێگەیشتن لە چەمك و پراکتیزە کردندا هەیە , ئەمەش زۆر جار پەیوەندی بە دەوڵەمەندیی باکگراوندی ڕۆشنبیریی نووسەرەوە هەیە .(یاکبسۆن ) شیعرییەت پێناسە دەکات و دەڵێت (( شیعرییەت توێژینەوەیەکی زمانناسییە بۆ ئەرکی شیعرییەت لە سیاقی پەیامە دابڕاوەکان دا بەگشتی و لە شیعردا بە تایبەتی )) ڕۆمان یاکبسۆن (رومان ياكبسون ١٩٩٨ : ٧٨ )

لێرەدا ( یاکبسۆن ) زیاتر جەخت لەسەر ئەرکەکانی زمان دەکاتەوە , کە شەش هۆکارەکەی زمان دروست دەکەن ,بە بۆچوونی ئێمە لێرەدا لە بابەتەکە دور دەکەوێتەوە کە شیعرییەتە و دەچێتەناو بابەتی ترەوە. (جان کوهین ) دەڵێت : (( زانستێکە بابەتەکەی شیعرە )) ( جان کوهین, چون کوين / ٢٠٠٠ : ٢٩) لێرەدا مەرج نییە , تەنها شیعرییەت لە شیعردا بەرتەسك بکەینەوە , بەڵکو پەل دەهاوێژێت بۆ ژانرەکانی تریش لەوانە , چیرۆك , ڕۆمان , پەخشان , شانۆ ... تاد (تۆدۆرۆف )بە پێچەوانەی ( یاکبسۆن ) و ( کوهین ) وە پێناسەی چەمکی شیعرییەت بەرفراوان دەکات بۆ

ژانرەکانی تری ئەدەب , خۆی لە زانستی ئەدەب نزیکدەکاتەوە و دەڵێت : (( مێژووی شیعرییەت سەر لە نوێ ڕاڤەکردنی کتێبەکەی هونەری شیعری ئەرستۆیە ))(د. فتحی خلیقی / ٢٠١٢ : ٩ ) . هەر بۆیە

( تۆدورۆڤ ) (( بابەتی شیعرییەت لە هەموو جۆرەکانی گوتاردا دەبینێت ,چونکە ئامانجی شیعرییەت تەنها وەسفکردن و شیکردنەوەی ڕاستی کارە ئەدەبیەکانی ڕابردوو نییە , بەڵکو ئامانجی لێکۆڵینەوەی ئەو مەرجانەن کە دەبنە هۆی بوونی کارێکی ئەدەبی )).(د.سحر سامی:٢٠٠٥، ٢٩) .

( کمال ابو دیب ) یش پێی وایە (( بەکارهێنانی وشە لە سنوری داخراوی فەرهەنگ دا شیعرییەت بەرهەمناهێنێت , بەڵکو دەبێت وشەکان لە سروشتە چەسپاوەکان دەربازبن بۆ دۆخێکی تازە ))

( کمال أبو دیب / ١٩٧٨ : ١٣٥ ). چەمکی شیعرییەت بە پێی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە , لای (ئەرستۆ ) خۆی لەچەند جۆرێکی ئەدەبیدا دەبینێتەوە ,کە لاسایکردنەوەو گوفتاری ئەدەبییە.

( تودوروف ) / ١٩٩٠ : ١٣ ) بەواتایەکی تر دەکرێت ئەم دوو مەبەستە بپێکێت:

١- واتایەکی تایبەتی : کەشیعرییەت هونەری لاسایکردنەوە و خەیاڵە.

٢- واتای گشتی : جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شیعرییەت یاساکانی گوتاری ئەدەبییە.

(خلیل ئبراهیم مستەفا , نامەی ماجستێر , ١٩٩٥ : ٧)

لێرەدا ڕوانگەی ( ئەرستۆ ) زیاتر ڕوانگەیەکی ڕوخساری وەسفی دێتە بەرچاو بە پێچەوانەی ڕەخنەی ئەدەبی کە زیاتر گرنگی بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن دەدات .بەم پێیە شیعرییەت کۆمەڵێك ڕێساو , ڕێنماییە لەکاتی ڕاڤەکردنی دەقدا دەبێت ڕەچاو بکرێت . ( هۆراس ) بە جوانی لە کتێبی ( هونەری شیعر ) دا ئاماژەی پێکردوون( هۆراس / ١٩٧٩ : ٣٧,٩). شیعرییەت لای نووسەرە کۆنەکان بە ناوی جیاوازەوە هاتووە , بۆ نموونە پیشەی شیعر ( صناعە الشعر ) دەدرێتە پاڵ ئەرستۆ , بەوەی یەکەم کەس بووە ئاماژەی پێداوە و زیاتر جەختی لەسەر دوو لایەنی کاری ئەدەبیی کردووە کە ئەوانیش ڕوخسار و ناوەڕۆکن , لاسایکردنەوەیشی وەك ڕەگەزێکی جەوهەری لە شیعردا بینیوە . لای ( جاکبسۆن ) شیعرییەت خۆی لە کێڵگەی زمانەوانییدا دەبینێتەوە سەروا / سەجع / وێنەی شیعری , لێکچوون ڕەمز / مۆزیك ئەمانە بە لایەوە کەرەستەی شعرییەتن . لای ( کوهین ) یش شیعرییەت لادانە ( الانزیاح ) لە واتا فەرهەنگییەکان . (( شیعرییەت کرانەوە و تەجاوز و گۆڕانە ))

( بشیر تاوریت , ٢٠٠٨ : ١٧٩). لێرەدا بۆ چوونەکەی (جان کوهین) شێوەی ڕەهای وەرگرتووە چونکە شیعریەت تەنها کرانەوەو تەجاوزو گۆڕان نیە بەڵکو پەل دەهاوێژێت بۆ بابەتی تریش.

(حسن ناظم ) یش دەڵێت (( وشەی شیعرییەت لە کتێبە وەرگێڕدراوەکانەوە هاتۆتە ناو ئێمەوە)) ( حسن ناظم / ١٩٨٩: ١٦ ,١٧).ئەم بۆچوونە ڕاستە بەڵام بەزۆری لەفەرهەنگەکانی ئەدەب و ڕەخنەوە وەرگیراون. (( لادان بە پلەیەکی باڵا نیشانەی شیعرییەتە ))( د. احمد علی محمد / ٢٠١٧ : ١٥٢ ). (( لادان شیعرییەتە , شیعریەتیش لادانە)) (توانای سیف الله هشام / ٢٠١٧ : ١٥٢). ئێمەش دەڵێین بۆچوونی ئەم دوو نوسەرە ڕاستە لادان گرنگە بۆ شیعرییەت ، بەڵام شیعرییەت هەر تەنها بەلادان دروست نابێت دەتوانین بڵێین لەهەر کارێکی هونەرییدا جوانناسی باڵا دەستبوو , ئەوە شیعرییەت بوونی هەیە . لای ( ئەرستۆ ) شیعرییەت لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە زمان لە لۆجیکی باوی بەکارهێنانی ڕۆژانەوە بچێتەوە زمانێکی ئەدەبییەوە , ئەمەش بەهۆی لێکچوونەوە دەبێت کاتێك نامۆ بوون لە زمانی ڕۆژانەدا دروستدەکات . لە ڕوانگەی ( ئەرستۆ )وە شیعرییەت دەگاتە ئەوپەڕی باڵا بوون ئەوەیش کاتێك دەبێت

که دەق بارگەی ئیستاتیکی لە ڕێگای تایبەتمەندییەکانی ڕەوانبێژی , لە لێکچوون و خواستن لە خۆ بگرێت . ( توتای سیف الله هشام / ٢٠١٧ : ٢٥ ).

شیعر خۆی لە چەمکە جۆرییە سەربەخۆکە کە خۆی لە کێش و سەروادا دەبینێتەوە دەرچووە بەوەی شیعر بووە بە ماڵێکی کراوە بەسەر فرە دەنگیدا , لەوانە : بونیادی درامی / بەیەکداچوونی قەبارەی دەستەواژەکان ، لێرەوە هەنگاوی باشی بەرەو شیعرییەت ناوە ( یاسین النصیر / ٢٠١٢ : ٢٥٨ )

((شیعرییەت پەیوەندییەکانە , نەك سیفاتی تاکەکان )). (د. فاتح علاق / ٢٠٠٥ : ٢١٤)

واتە وشە هەر خۆی بەتەنیا شیعرییەت دروست ناکات , بەڵکو بەکارهێنانی لە سیاق و شێوازی جۆراو جۆردا شیعرییەت بە دەقەکە دەدات. شیعر هونەرێکی ( ریتمییە ) شاعیر دەبێت لە هەڵبژاردنی وشەدا وریا بێت , تێکچوونی ریتم دەقی شیعری بەرەو پەخشان دەبات (عبدالله محمد العظیمی (العضیمی) : ٨٩).

لای ( تودوروف ( Todorow - شیعر بریتیە لەو تایبەتمەندییانەی کەوا بەرهەمێکی ئەدەبی دەکات بە کارێکی ئەدەبی جوان و تاك و جیاواز و دەڵێت : (( کاری ئەدەبی خۆی لە خۆیدا بابەتی شیعرییەت نییە , ئەوەی گرنگە تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە گوفتارە جۆرییەیە ( الخطاب النوعی ) (کە بریتییە لە گوتارە ئەدەبییەکە) )). (تودوروف تزفیطان / ١٩٩٠ : ٢٣ ).

(ئەدۆنیس) دەڵێت: ((نابێت شیعر , وەك زانست ڕەچاوی یاساو بنەمای سەقامگیر بێت , بەڵکو دەبێت پێش دەستوور بکەوێت)). (ئەدۆنیس/ ٢٠٠٩ : ٩٨). لێرەدا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئەدۆنیس یەك دەگرینەوە بەوەی شیعرلەسەر بنەمای دەستوری سینتاکس ناڕوات ، بەڵکوشاعیر بۆی هەیە یاری بەزمان بکات ((شیعرییەت <u>خوێندنەوەی دەرەوەی خوێندنەوەیە</u> (قراءة خارج قراءة) لادانێکی ئەبستمۆلۆژییە لە نێوان دووددوالیزیمی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن دەکرێت، دۆخێکە تێیدا سەقامگیری و شێوازی ئامادەکراو تێدەپەڕێنێت, لە هەمانکاتیشدا دوورکەوتنەوەیە لە ئەبستمۆلۆژیای ئامادەکراو , واتە هەڵوەشاندنەوەی سەقامگیری و زانیاری پێشوەختەیە )) . ( د. عبدالقادر عمیش , ٢٠١١ : ٨) وێنەی سواو و دووبارە , شیعرییەت بەرەو لاوازی دەبات , دەستەواژەی دەلالی نوێی و وێنەی تازە زیاتر دەق بەرەو شیعرییەت دەبات. (( شیعرییەت وشەیەکی یۆنانییە تایبەتە بە هونەری شیعر تیۆرێکی ئەبستمۆلۆژییە پەیوەستە بە هونەری شیعری بوون و جوانناسی کاری شیعری )).( صفیە دریس / ١٩٩٤ : ١٨)

(( ئەزمونی شیعری ڕۆژ ئاوا لەوانە ( بودلیر ) ( مالا رمیە ) ( جان کوهین ) کاریگەرییان لەسەر ئێمە داناوە ئەوەیان ڕاگەیاند کە واتای ڕاستەوخۆ و ڕوونی ( الوضوح ) شیعر دەکوژێت )) . (د. مریم حمزە / ٢٠١٠ : ٦٤ ). لێرەدا مەبەست ئەوەیە کەشیعر خۆی لەواتای ڕاستەوخۆ بپارێزێت ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کەئەوبۆچوونانە کاریگەرییان لەسەئێمە هەبووە.

(( شیعرییەت لای ئەدۆنیس خۆی لە زمانی خوازەییدا لە ڕوانگەی لێڵییەوە ( الغموض ) چەند ڕاڤە و ئەگەرەکان هەڵدەگرێت )) ( محمود درابسە , ٢٠١٠ : ٢٤). دەقەکانی ئەدۆنیس پڕاوپڕە لە لێڵی و زمانی خوازەیی ، هەروەها دەڵێت: (( ستاتیکای شیعرییەت لە دەقی لێڵەوە ( النص الغامص ) سەرچاوە دەگرێت)).(آدۆنیس / ١٩٨٩ : ٤٦/٤٧ ) ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەدۆنیساین کەدەقی لێڵ مێشکی مرۆڤ چالاك دەکات. جون کوهن ( John Kohin ) شیعرییەت بە زانستی شێوازی شیعری ( علم الأسلوب الشعری ) ئەژمار دەکات , زانستی شێوازیش زمانی خوازەییە کە لە وەسفی زمانی ڕاستەوخۆ دەردەچێت بۆیە دەڵێت : لای ئێمە زمانی شیعری لە واتا گشتییەکەیدا واقیعێکی

شێوازە ئەوە هەڵدەهێنجێنێت کە شاعیر وەك کەسانی تر قسە ناکات , بەڵکو زمانەکەی ناوازەیە , ئەمەش شێوازی پێدەبەخشێت. ( جان کوهن / ١٩٨٦ : ٢٧).

شیعرییەت زانستی شێوازی شیعرییە , شێوازیش , ڕێژەکەی لادانە لە ناو دەقەکاندا ئەمەش , دەبێتە پێوەرێك بۆ دیاریکردنی ڕادەی شیعرییەت کە لەهەر دەقێکدا پشتی پێدەبەستڕێت . ( جان کوهن , ١٩٨٦ :١٧ )

لێرەدا شێوازی شیعری لای ( جان کوهن ) خۆی لە شێوەی زمانەوانی دیاریکراودا دەبینێتەوە , ئەویش لادانی زمانەوانییە کە لە بابەتی وێنە شیعریدا بەرجەستە دەبێت , وێنە شیعریەکەیش خۆی لە خواستندا ( الاستعارە )دا دەردەخات ،ئەمەیش تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی زمانی شیعرییە. (جان کوهن / ١٩٨٦ : ٤٠ , ٤٣ /١٠٨)

چەمکی ( بووتیقا ) تا کۆتای سەدەی هەژدەیەم لە زمانی ئەوروپییەکاندا بە واتایی ئەدەب بە هەموو لقەکانییەوە بەکارهاتووە , دەلالەتی لەسەرجەم چەشنە ئەدەبییەکانی سەردەمی کۆن کردووە , لێرەدا دەتوانرێت دوو جۆر بووتیقا دیاریبکەین , یەکەم بووتیقای کلاسیك , کەپتر لە بەشی یەکەمی ئەدەبناسی دەکۆڵێتەوە , واتە تەنیا لە بەرهەمە ئەدەبیەکان و ژیاننامەی ئەدەبیی و قوتابخانە و زاراوە ئەدەبیەکان و واتاکانیان دەکۆڵێتەوە , کەمتر خۆی ڕووبەڕووی ڕەخنەی پراکتیکی دەق دەکاتەوە کە ئەمە زیاتر لە بووتیقای سەردەمدا هەستی پێدەکرێت .بوتیقای کلاسیك بریتییە لە : بووتیقای نووسینی ئەرستۆ ( هونەری شیعر ) نوسینی هۆراس , ( هونەری شیعر ) نووسینی بوالۆ بووتیقای هاوچەرخ خۆی لە ڕواڵەتی ئەو دەقانەدا ئەبینێتەوە کە دەچنە نێو خانەی تیۆری ئەدەبییەوە , وەك تیوری ئەدەبی مارکسیستی , تیوری ئەدەبی شێوازخوازانە , تیۆری ئەدەبی بنەما خوازانە و , تیوری ئەدەبی پاش بنەما خوازانە . جگە لەمەش بووتیقای هاوچەرخ هەڵگری چەند خوێندنەوەیەکی پراکتیکی دەقەئەدەبییەکانە کە لە بۆچوونەکانی جیاوازی تیورە جیاجیا ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەمە خراونەتە بەر ڕەخنەکاری . بڕوانە : ( بەختیاری سەجادی , محمد محموودی / ٢٠٠٤ : ٦٩ ) , هەندێ جار شیعرییەت خۆی لە ئەدەبییەتدا ( Iiterariness ) بەرجەستە دەکات , لەم بارەیەو ( ڕۆمن یاکبسن ) لە وتارێکدا بە ناونیشانی ( شیعری ڕووسی هاوچەرخ ) لە ساڵی ١٩٢١ دا ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت : (( بابەتی لێکۆڵینەوە لە زانستی ئەدەبیدا ئەدەب نییە , بە ڵکو ئەدەبییەتە )) واتە ئەوەی کە بەرهەمێکی ئاسایی ئەکاتە بەرهەمێکی ئەدەبی

( بەختیار سەجادی / محمد مەحموودی / ٢٠٠٤ : ٢٨ ). لە کۆندا ژانرە ئەدەبیەکان جۆرە سەربەخۆی خۆیان هەبووە پرەنسیبەکانیان جیاواز بووە , بەڵام لە ئێستادا ژانرەکان تێکەڵ یەکتر دەبن , بۆ نموونە لە شیعری نوێی کوردیدا , بە تایبەت لای ( شێرکۆ بێکەس ) زۆر جار سنوور لە نێوان ژانرەکاندا زۆر بەرتەسکدەبێتەوە.

زۆر لە ڕەخنەگران دەڵێن زاراوەی شیعرییەت سەقامگیرنییە و بزاوتێکی جیوەیی هەیە , هەر بەم بەشە پێوەدانگەیشە کە پێوەرەکانی شیعرییەت بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت , بۆ نموونە , لای (ئەرستۆ ) لاسایکردنەوەیە, لای ڕۆمانسییەکان یەکەی ڕوخسارە ( جان کوهن ) بە لادان و بە دەقئاویزان و ( بارت ) و ( ئیکۆ ) بە دەقی کراوەی تێدەگەن . ( د. خلیل الموسی / ٢٠٠٨ : ١٣)

(أمیمە الرواشدە / ٢٠٠٥ : ١٨).

**بەشی دووەم**

**پراکتیزە کردن چەند دەقێك بەنموونە**

مەنجەنیقی منالّیم ( منجبیق طفولتی ) پێکهاتەیەکە دوورە لە دەلالەتی لۆجیکی , بەڵام پەسەند کردنی لای خوێنەر مەرجدارە , بەمەرجێ بە پێی لۆجیکی شیعر مامەڵەی لەگەڵدا بکات ئەمەش گوزارشتێکی نوێگەرییە کە

دەیەوێت بۆشاییەك لە زەینی خوێنەردا دروستبکات , کاتێك شاعیر دەڵێت مەنجەنیقی منالّیم لە مێشکیدا هیچ ئاسۆیەك نابینرێت کە مەنجەنیق و منالّی بەیەکەوە گرێبدات , چونکە بەکارهێنانی زمانەوانی پێشوو واتای تاکی بەهەموو وشەکان بە خشیوە , وشەی مەنجەنیقی بە جیا لەگەڵ وشەی منالّدا بەکارهێناوە , چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لای خوێنەرە ئایا ئەم شێوازە تازەیە پەسەند دەکات , یاخود ڕتیدەکاتەوە . سروشتی شیعر بوار بەوە دەدات کە ناکۆکی جیاوازییەکان هەموو بە تەنیشت یەکەوە ڕیز بەند بکرێت , ئەمەش بە لادان ئەژمار دەکرێت دۆخێکی تازەی شیعرییەتە، کە پێشتر باونەبووە . ( د. أحمد علی محمد , ٢٠١٦ : ١٥٣)

دەستەواژە تازەکان دەق بەرەو شیعرییەتی بالّا دەبەن , ئەمە لای ( بودلیر ) یش ڕەنگیداوەتەوە بەوەی وشە دژەکانی لەگەڵ یەکتردا کۆدەکردەوە , بە تایبەت لە دیوانی ( ازهار الشر ) دا , کە خودی ناونیشانەکە گەواهیدەری ئەم بابەتەن. (بودلیر / ٢٠١٢ : ١٦) ئەو بابەتانەی شیعرییەت دروست دەکەن , هەمەجۆرن ,یەکێك لەوانە , هەست گۆڕکێیە ( تبادل الحواس ) ئەو پێنج هەستە سەرچاوەن بۆ تیۆری زانین ( نظریە المعرفة ) شیعریش بە شێوازی تایبەتی خۆی دوور لە وشەی فەرهەنگی واتای ڕاستەوخۆی بۆ شیعرییەت سوودی لەم بابەتە وەرگرتووە . کاتێك دەڵێیت بۆنی دەنگت ( أشم بصوتك ) دەکەم ئەمە خۆی هەست گۆڕکێیە لێرەدا ڕاستەقینەکەی بۆن کردنە بەم شێوەیە دوو لە هەستەکان لەیەك دەستەواژە کۆ دەکاتەوە , ئەمە لە شیعردا ڕێگە پێدراوە کە ئالّوگۆڕ بە هەستەکان بکرێت , ئەمەش جۆرێك لە شیعرییەت دروست دەکات و , ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەریش دەگۆڕێت

لێرەدا بابزانین لای ( گۆڕان ) ئەم هەست گۆڕکێیە چۆن ڕەنگیداوەتەوە , ( گۆران ) لە دەقی ( ئاواتی دووری ) دا دەڵێت :

ئەی چاو ! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەرت
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت ؟
کوانێ دوو چاوی مەست ؟ کوانێ ؟
کوانێ برۆی پەیوەست ؟ کوانێ ؟
کوانێ زوڵفی ڕەش ؟
کوڵمی ئاڵ و گەش ؟
کوا هەیکەلی جەمال ؟
کوا حوسنی بێ میثال ؟
ئەی گوێ ! زەلیلی چاوم بەرتۆ پەنا ئەبەم!
دەنگێ لە یاری دوورەوە چی بکەم لە زیل و بەم
× × ×
ئەی حیسی شامە ! لە چاو و لە گوێچکە مەئیووسم
بۆنی لە یارەوە دێنێ خیتامی ئەفسوسم
× × ×
ئەی لامیسە ! ئەگەر چی نەبوو , دەنگ و ڕەنگ بۆ
وەك شێتێ بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ !

دیوانی گۆران / ل ١٣ و ١٤

لێرەدا ڕاستە دەقەکەی ( گۆران ) لە ئاستێکی شیعرییەتدایە بەوەی مامەڵەیەکی هونەری جوان لەگەڵ هەستەکاندا دەکات ، شێوازی پرسیار زۆر جار دووبارە دەبێتەوە ، لەم هەستەوە بۆ ئەو هەست بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری دەستکەوێت دەڕوات ، بەڵام شێوازەکەی پرسیارکردن و ڕیزبەندکردنی هەستەکانە , نەك دانە پاڵ یەکتری .

. لای ( شێرکۆ بێکەس ) یش دەنگ گۆڕکێ جیاوازە لە دەقی ( لە بری من ) دا دەڵێت:

من ناتبینم بەڵام گۆیژە ئەت بینێت و

ئەویش چاوی منی تیایە.

من ناتبینم

بەڵام هەزارمێرد ئەتبیستێ و ئەویش گوێچکەی منی تیایە

من ناتگەمێ و لاتەو نیم

بەڵام خەم ڕاکشاوی تەنیشتە و ئەویش!

بۆن و ئەویش پەنجە و

ئەویش هەموو ماچەکانی یادگار و

کزەی شیعری منی تیایە

دیوانی شێرکۆ بێکەس / بەرگ چوار / ل ٢٦٠

لێرەدا سێبەری هەست گۆڕکێ ، نەك دانەپاڵ یەك ، بە دەقەکەوە دەبینرێت , بەڵام شاعیر نەچۆتە ئاستێکی باڵای مەزراندنی هەست گۆڕکێوە ، دەقەکەیش لە ئاستێکی شیعریەتدایە بەوەی خۆی لە جۆرێك لە ڕەوانبێژی کلاسیکی ڕزگارکردووە و چۆتە جیهانی شیعرییەتەوە. مەرج نییە هەموو دەقەکانی شاعیرێك هەرچەند بەناوبانگیش بێت بچێتە چوار چێوەی قاڵبی شیعریەتەوە هەندێ جار لە دیوانێکدا ، لە شیعرێکدا شیعریەت و داهێنان نابینێت ، بۆ نموونە (شێرکۆ بێکەس ) لەم دەقەدا دەڵێت:

من ناوم (( ئیرەیی ) ە

کۆنترین هاو وڵاتی ئەم نیشتمانەم

خۆشترین کاتی من ئەوەیە

هەموو کەسێ لە نوشوستیدا ببینم

هەموو شتێ لە گلۆر بوو نەوەدا ببینم

ناخۆشترین کاتی منیش ئەوەیە

یەکێکی تر ببینم لە من جوانترە

(شێرکۆ بێکەس ، ٢٢٩ )

لێرەدا جگە لە ناونیشان دێرەکانی ١ / ٢ / ٣ بە هیچ شێوەیەك نەچۆتە چوارچێوەی قاڵبی شیعرییەتەوە ، بەڵکو قسەی ڕۆژانەی خەڵکییە ، بە دوورە لە هەموو تەوزیفکردنی بەها جوانییەکان.

لەدەقی ( گریان ) دا ( شێرکۆ بێکەس ) دەڵێت:

لە کۆچدا بووم

ئاوێکم بینی ئەگریا

لام داو ... وتم

بۆچی ئەگریت ؟!

وتی : ڕووبارێ بووم پێش تۆ

هاتن لێیان شکاندمەوە

لێیان بریم..

بۆیە ئەگریم

( دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم / ل ٥٣٠ )

لە زمانی ڕۆژانەدا ئاو ناگری ، واتە ئەمە بەکارناهێنرێت ، لێرەدا گریانی ئاو ، زمانی شیعرە ، بە قەرینەی وشەی ( گریان ) تێدەگەین مەبەست کەسێکە ، هەروەها لەم دەقەدا ڕووبار ئاو نییە ، بەڵکو تەواوکەری کەسەکەیە , لێرەدا دەتوانین بڵێین وشەی ئاو هەم وەك خوازە و هەم وەك ڕەمز واتا دەبەخشێت بە پێی میتۆدە تازەکانی ڕەخنەیش دەق کراوەیە واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرێت.

بە پێی بۆچوونی ( جاکسبۆن ) دەق هەواڵدەری ( اخباری ) و هەڵچوونی ( انفعالی ) هەیە ، لە هەواڵدەریدا فرمانەکان رابردووە ، لە هەڵچوونیدا راناوی قسەکەر ( من ) بە زۆری دەردەکەوێت و ڕۆڵی دەبینێت. (د. أحمد علی محمد ، فی الشعریه / ٢٠١٦ : ٤٤).

لێرەدا دەقەکەی ( شێرکۆ بێکەس ) دەچێتە چوارچێوەی ئەرکی هەڵچوونیەوە و شیعریەتیش بە دەقەکە دەبەخشێت. زۆر جار شیعرییەت لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەزمانی فەرهەنگی و ڕۆژانە و ڕاستەوخۆ خۆی بپارێزێت ، بچێتە ناو خوازە و خواستنەوە ، هەندێ بابەتی ، ڕەوانبێژی ترەوە ، قاڵبە کلاسیکییەکە بشکێنێت ( شێرکۆ بێکەس ) لەم دەقەدا دەڵێت:

ئەم کاتەت باش

من ناوم (( گابەرد )) ە

لەسەر ئەم بەرزاییە ئەژیم

چاوم لە هەموو شتێکە

ئەمەوێ بەر لەوەی بەر بارووت و جادە بکەوم و

نەهێنیەکان لەگەڵ خۆمدا وردوخاش کەن

هەندێ قسە هەیە بیکەم

بۆسەیەکیان بۆ دوو جۆگەی بێ گوناە دانا

جۆگەکان بەدەم گۆرانی وتنەوە ئەهاتن

وەختێ گەیشتە بەردەمیان کوشتیانن.

تەنها لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانیان جیابوون

تەنها لەبەرئەوەی ئاوەڕۆیان لەوان نەبوو

من بۆ خۆم تا دوو ڕۆژ لەباتی ئاو

خوێناوم ئەخواردەوە ( شێرکۆ بێکەس ، ٢٠١١ : ١٢٦ ).

لێرەدا بێگیان گەواهی خۆی دەدات ، بێگیان مرۆڤە خاوەن هەستە ، تەکنیکێکە دەقەکە دەخاتە ئاستی شیعرییەتەوە.

بۆسە دەلالەتی دوژمنە

دوو جۆگە دووکەسی بێتاوانە بەقەرینەی بێگوناهی.

لە زمانی ڕۆژانەدا جۆگە بەدەم گۆرانییەوە نایەت ، بەڵام لێرەدا دەقەکە چۆتە ئاستی شیعرییەتەوە بە زمانی شیعر باسی کوژرانی دوو کەسی دەکات بەهۆی دەربڕینی بۆچوونی جیاوازەوە.

هەروەها ( شێرکۆ بێکەس ) لە دەقی ( لە نێوان ) دەقدا دەڵێت:

لە نێوان ڕەش و سپیدا

بە دەیان ڕەنگی تر هەیە

لە نێوان ترسنۆك و قارەماندا

سەدان هەڵوێستی تر هەیە

لە نێوان ئەمپەر یان ئەوپەڕی تردا

هەمیشە ناوەڕاست هەیە

لە نێوان خۆم و خۆمیشدا

دیسانەوە

خۆمی تر هەر ئەبێ هەبێ!

دیسانەوە ئەم دەقەیش جگە لە سەرواو دوا کۆپلە کە سێبەری شیعرییەتی تێدایە، ڕاپۆرت ئاسایە ، ڕاستەوخۆیە بەدەرە لە لایەنی هونەری و ستاتیکی ، قسەی ڕۆژانەی خەڵکە ، زمانەکەی فەرهەنگییە.

شێرکۆ لەدەقێکی تردا دەڵێت:

بابە گوڕ گوڕ بە گوڕ هاتووم

من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ

دیوانی شێرکۆ بێکەس ، ل ٢٩٢

لێرەدا شاعیر وشەکانی تینوێتی و گڕ کە هاودژن لە ڕووی دەلالییەوە بەیەکەوە کۆیاندەکاتەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا تایبەتمەندێتی شیعرە و ئاسۆی چاوەڕوانی ( افق الانتظار ) خوێنەر دەگۆڕێت و دەقەکە بەرەو ئاستێکی بەرزی شیعرییەت دەبات. ( د. علی تاهیر بەرزنجی / ٢٠١٤ : ١٠ ).

لە شیعری نوێی کوردیدا ئەم دیاردەیە هەیە بەتایبەت لای شێرکۆ بێکەس . ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی عەرەبیدا زۆرە ناوی لێدەنێن لەوانە خزانی مەدلول لە دالەکەی ( عصام شرتح / ٢٠١٠ : ٣٤ )

(ئەنوەر قادر محمد ) یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێی کوردی دیوانەکەی ( زیلان ) گەواهی بۆ دەدات کە تاچەند دەقەکانی چوونەتە ئاستێکی باڵای شیعرییەتەوە . لەدەقی ( پشکۆکانی ناخم ) دا دەڵێت:

کزەبای کێوی ژانی تاڵ

گەڵای زەردی وەریوی گیان

ئەوروژێنێ

تەمی چاوی هۆنراوەکان

پرشنگی سور ئەتاسێنێ

خۆشەویستی و پەیامی سپی عیسایە

تەنانەت دڵی خاچەکان ئەگرێنێ
کەی چاوی مەیوی ئاسمان
کرێوەی بەفرێکی تینوو
بۆ ژەنگی سەر شەقامەکان ئەبارێنێ ؟!
کەی ئاگری مەشخەڵەکان
سنوورەکانی دەروونمان ئەپچڕێنێ ؟!

دیوانی ئەنوەر قادر محمد ، زیلان ، زایەڵە ، زنار ،٢٠٠٤: ٥

زمانی دەقەکە لە ئاستێکی باڵای خوازەییدایە ، خۆی لە ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرت ئاسا دوور خستۆتەوە بە زمانی هونەری و شیعر دوور لە واتای فەرهەنگی قسە دەکات ، گوزارشتی جوان لەوانە:

تەمی چاوی هۆنراوەکان ، چاوی مەیوی ئاسمان /بەفرێکی تینوو / ژەنگی سەر شەقامەکان / دەبینرێت کە کۆی دەقەکەی بردۆتەوە ئاستێکی باڵای شیعرییەتەوە دەقەکە خۆی لە ڕەوانبێژی کلاسیکی دەرباز کردووە وبە تەرزێکی نوێ خۆی دەنوێنێت

(( بەکارهێنانی شێوازە جۆراو جۆرەکانی ناویی لەدەقدا سەقامگیری بەدەقەکە دەبەخشێت ئەگەر کۆی ناویی ٥, ٦٤ و کردار ٢٨,٨ و ئاوەڵفرمان ٦,٧ بوو))( د. أحمەد علی حمد / ٢٠١٦ : ٣٩ )

ئەگەر بە پێی ئەم وتە ڕێژەییە بڕوانینە دەقی ( پشکۆکانی ناخم) ئەوا شێوازە جۆراو جۆرەکانی ناوی لەدەقەکەدا تارادەیەکی زۆر باڵا دەستە ، دەقەکەی بردۆتە ئاستێکی باڵای شیعرییەتەوە . لەهەر کارێکی هونەریشدا جوانناسی تێدا باڵا دەست بوو ، ئەوا شیعرییەت بوونی دەبێت.

لەڕوانگەی نوێگەریشەوە ( ئەنوەر قادر محمەد ) توانایەکی بەهێزی لە هەڵتەکاندنی زماندا ( تفجیر اللغه ) دا هەیە بەوەی بە زۆری شیعری لە ڕوانگەی لۆ جیکەوە دەرهێناوە.

هەروەها دەقی شیعری لە گێڕانەوە ( سرد ) پاراستووە و زیاتر لەبەر سێبەری ئیحا کاریکردووە و بەمەش توانای بە وێنەکان بەخشیوە.

دیسانەوە ( ئەنوەر قادر ) لە دەقی ( نوقڵانەی خۆشەویستی و باران ) دا دەڵێت:

مەلی وشە ، لەسەر درەختی ڕووتی خەم
لانە ئەکا
تەم ئەبێتە پەڕو باڵی..
کە هەڵئەفڕێ ، ئاسمانی مەرگ
ئەبێتە جێی شەقەی باڵی
کرێوەی ئازار و وێڵی ئەشێوێنێ
خێڵە و خوار و خێڵە و ژووری
زستان و بەهاریساڵی
مەلی وشە کۆترێکە هەر ئەگمێنێ
لە کەناری دووری ناخا
پێی چناری ڕووت و قووتی تاسەو تەزووم

له گوێی چەمی چاوڕوانی و دۆشی دامانا

ئەتەزێنێ .. هەر ئەگمێنێ ؟!

بۆ ئەگمێنێ ؟! بۆ ئەگمێنێ ؟!

ئەنوەر قادر محمد / زیلان / زایەڵە / زنار :٢٠٠٤: ٢٣

گونجاندنی دانە پاڵ یەکی وشەکان یەکێکە لە ئەرکەکانی شیعرییەت , کە شاعیر لە دووبارەکردنەوەی وشەی سواو دەپارێزێت ، لێرەدا گرنگ ئەوەیە گوزارشت و دەلالەتی نوێ بەرهەم بهێنێت . ئەگەر بڕوانینە ئەم دەقە ئەم جۆرە گوزارشتانە دەبینین وەك / مەلی وشە / درەختی ڕووتی خەم / ئاسمانی مەرگ / چەمی چاوەڕوانی / کرێوەی ئازار / پەڕوباڵی تەم.

ئەدۆنیس دەڵێت : (( وەسف زمان دادەخات ، بەڵام خوازە دەیکاتەوە )) ( أدۆنیس / ١٩٩٠ : ١٣٢))

دەتوانین بڵێین لە خوازەدا دیار قسە ناکات ، بەڵکو نادیار قسە دەکات . لەم دەقەی ( ئەنوەر قادر محمد) دا هونەرەکانی ڕەوانبێژی تازە باڵی بەسەر پانتایی دەقەکە دا کێشاوە ، دیسانەوە شاعیر بە زمانی شیعرو مەزراندن قسە دەکات ، بۆ نموونە ، تەم پەڕو باڵە ، ئاسمان بۆ مرۆڤ و باڵندە مەرگە ، مەلی وشە کۆترە ، کەنار دەدرێتە پاڵ دووری ناخ ، گوێ بۆ چەمی چاوەڕوانی دروستدەبێت ...تاد

دووبارەکردنەوەی چوار کردار لە بەیتێکدا ڕەنگدانەوەی دۆخێکی هەڵچوونە ، ئەمەش بەهۆی دووبارەکردنەوە وە ریتمی شڵەژاوە وە دروست دەبێت و دەق بەرەو ئاراستەی گوتاریی دەبات.

(د. عمر محمد طالب ، ٢٠٠٠ : ٦٢ ، ٦١)

لێرەدا هەرچەند کۆتایی دەقەکە بە چوار فرمان دێت زیاتر بۆ جەختکردنەو وەڵامی پرسیاریش لای خوێنەر کراوەیە

لە دەقی ( شەستە ) ی دیوانی ( زایەڵە ) دا شاعیر دەڵێت:

هەر وەك باران ، بە بەهاران

لە پشتی شاخەکانەوە ، دێت و بەسەر

سلێمانیدا دادەکات

ئاوەهاش سۆزی غەریبی ،

هەموو ساتێ ،

لەناو دڵی ماتی مندا ، شەستە دەکا

ئەنوەر قادر / زیلان / زایەڵە /زنار ،٢٠٠٤: ٩٨

لەم دەقەدا سۆزی غوربەت باڵا دەستە ، کەمێك شیعرییەت لە پاشەکشێدایە ، وشەکان بە زۆری فەرهەنگین زمانەکەش زیاتر لە زمانی ڕۆژانەوە نزیکە / وێنەکە خۆی لە دوو لێکچوواندا دەبینێتەوە / بارانی بەهار بە سۆزی غەریبی.

(لەتیف هەڵمەت ) لە دەقی ( ئەم کولەکانە ئەشکێنم ) دا دەڵێت:

ئەم کولەکانە ئەشکێنم

ئەمە باوەری منە

ئاگرەکەم ناتوێتەوە

تەمەنی من بڵێسەیەکی

بێ خۆڵەمێشە

پەرستگاکان ئەروخێنم

وشەکانم ئامێتەی ڕەگی زەوی دەکەم

شینایی ئاسمان

وەکو چڵی یادگار

لەسەر دڵما ئەشکێنم

ئەمە باوەڕی منە

شەپۆلەکانم وەستانی نیە

کەس لە زبانم تێ ناگات

سێبەری هەنگاوەکانم

باخچە گوڵە

نیگای چاوە ماندووەکانم

بارووتی تۆڵەیە

دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤: ٣٠

ئەم دەقەی ( لەتیف هەڵمەت ) لە دیوانی ( خواو شارە بچکۆلەکەمان ) دا ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە ، بە زمانی شیعر ، یاخی بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت ، دەقەکە لە ڕێگای دەقئاوێزان و ڕەمز و وێنەی شیعرییەوە ئاستێکی بەرزی تۆمار کردووە و لەکاتی خۆیشیدا گۆڕەپانی ئەدەبیی وروژاندووە ، تاڕادەیەك زۆر وشەکان لە ئاستی فەرهەنگی دوور کەوتونەتەوە ، شاعیر ڕاستەوخۆ قسە ناکات ، بەڵکو لە ڕێگای هونەرییەوە پەیامەکەی دەگەیەنێت . لەم دەقەدا کۆمەڵێك گوزارشتی جوان دەبینرێت لەوانە : ئەم کولەکانە ئەشکێنم / بڵێسەی بێ خۆڵە مێش / ڕووخانی پەرستگا / چڵی یادگار / سێبەری هەنگاو / نیگای چەماوە /بارووتی تۆڵە . لە لایەنی ترەوە ناونیشانی دەقەکە سێبەری بەسەر پانتایی دەقەکەدا هەیە . لێرەدا تاڕادەیەکی باڵا ئاستی شیعرییەت دەبینرێت.

لە دەقێکی تردا ( لەتیف هەڵمەت ) دەڵێت :

شەو پەنجەرەی شارە بچکۆلەکەمە

دارستانەکانم پشکۆی ئازارە

ئەی شارە بچکۆلەکەم

من لە ناخی زامەکانتا ئەژیم

بەستەکانم لەسەر فرمێسکی

گەڵاکانتا ئەنووسم

دیوانی لەتیف هەڵمەت ، ٢٠١٤: ٤٧

لەم دەقەدا کۆمەڵێك گوزارشتی جوان لە ئاستی شیعرییەتدا دەبینرێت لەوانە : شەو پەنجەرەی شارە / دارستان پشکۆی ئازارە / ناخی زام / فرمێسکی گەڵا.

مەرج نییە هەموو دەقێکی شاعیر بچێتە چوار چێوەی شیعرییەتەوە ، جاری وا هەیە لەناو دیوانێکدا دەقێکی شیعر نادۆزیتەوە کە گوزارشت لە شیعرییەت بکات . ئەمە لە ئەزموونی شاعیرە سەرکەوتووە کانیشدا دەبینرێت ، بۆ نموونە ( لەتیف هەڵمەت ) لە دەقی ( مەرگ )دا دەڵێت:

هەموو کەسێ دەمرێ

هەندێ کەس بە نەخۆشی

هەندێ کەس لە ترسا

هەندێ کەس بە ئوتومبێل

هەندێ کەس لە خۆشیا

هەندێ کەس لە برسا

هەندێ کەس بە لافاو

هەندێ کەس بە گولە

هەندێ کەس لە بەندیخانە

هەندێ کەس لە شەڕدا

هەندێ کەس بە ژەهر

بەڵام من

ئەشقی تۆ دەمکوژێ

ئەی نیشتمان! ...

دیوانی لەتیف هەڵمەت ، ٢٠١٤ : ٣٧

ئەم دەقە ناچێتە چوار چێوەی قاڵبی شیعرییەتەوە بە زمانی ڕۆژانەی خەڵك دوور لە جوانناسی و هونەرەکانی شیعر نووسراوە (( دوبارەکردنەوە لە دەقدا ئەرکێکی جوانناسی هەیە )) ( د. سعد کمونی / ٢٠١١ : ٣٠ ) بەڵام ئەم دووبارەکردنەوەیە هیچ جۆرە جوانناسییەکی بەدەقەکە نەبەخشیوە تەنیا جەختکردنەوەیە.

(محمد عمر عوسمان ) لە دەقی ( ژەنەڕاڵی پایز ) دا دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پایز...

منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو

ژەنەڕاڵم .. ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و

ملیارەها گەڵای وەریو

× × ×

منم ژەنەڕاڵی پایز...

کاسکێتەکەی سەرم هەورە و

ئەستێرەکانی سەرشانم چەند گەڵایەك بە ڕەنگی زیو

پاڵتۆی بەرم کزەبایە و

شمشێرەکەم لقی درەختێکی ڕزیو

محمد عمر عوسمان / لە غوربەتا ، ٢٠١١: ١٤٩

هەر خودی ناونیشانی دەقەکە گوزارشت لە هونەری خواستن ( الاستعارە ) دەکات بەوەی پلەیەکی سەربازی خواستووە بۆ سروشت و دەڵێت چۆن لە سەربازیدا پلەکان دابەشدەکرێت بەو شێوەیەش کەرستەکانی سروشت پلەو پایە دەدەن بە من لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتییەوە دەچێتە ناو پانتایی سروشتەوە . دواتر شاعیر لە جیاتی کەرەستەکانی سەربازی بە کەرەستەی سروشت و پایز ژەنەڕاڵێتی خۆی دەردەخات هەر لە کاسکێت و ئەستێرە و پاڵتۆ و تا دەگاتە شمشێرەکەی دەستی ئەم دەقەی شاعیر لە ئاستێکی بەرزی شیعرییەت دایە , پەیوەست نییە بە کات و کولتوورو نەتەوەیەك , گیانێکی نەمری تێدایە و بەرەو سنووری جیهانیی چووە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لەسەر چەمك و پێناسەی شیعرییەت دیدگا و بۆ چوونی جیاواز هەیە.

٢- زاراوەکە لای زۆربەی میللەتان هەر لە ( ئەرستۆ ) وە تا ئەمڕۆ بە شێوازی جۆراو جۆر گوزارشتی لێکراوە .

٣- ڕەخنەگران کۆمەڵێك پێوەری هونەرییان بۆ شیعرییەت داناوە لەوانە : لادان / خوازە / خواستن / ریتم / زمانی هونەری / لێکچوون و چەند شێوازێکی ڕەوانبێژی تر.

٤- مەرج نییە هەموو دەقێکی شیعر چوبێتە چوارچێوەی شیعرییەتەوە.

٥- لەکاتی شیکردنەوە و ڕاڤە کردندا دەقی چەند شاعیرێکمان وەرگرتووە و بەپێی پێوەری شیعرییەت کارمان لەسەرکردوون.

٦- زۆر لە دەقەکانی ئەم توێژینەوەیە دەچنە چوار چێوەی شیعرییەتەوە ، لەهەمان کاتیشدا چەند دەقێکی کەمیان ناچنە ئەو چوار چێوەیەوە.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی عەرەبی:**


١. أحمد على محمد (د) فى الشعريه / الطبعة الاولى / وزاره الثقافه / دمشق / ٢٠١٦.

٢. ادۆنيس / الشعريةالعربية / الطبعة الثانية / دار لاداب / بيروت / ١٩٨٩.

٣. ادۆنيس / مقدمة للشعر العربى / دار الساقى / بيروت / ٢٠٠٩.

٤. أميمه الرواشده ، الانزياح / عمان / ٢٠٠٥.

٥. بودلير / ازهار الشر / ترجمه : محمد عيتانى / الطبعه الثانيه /دار الفارابى / بيروت / ٢٠١٢.

٦. توتاى سيف الله هشام / شعريه الانزياح فى بنيه القصيده العربيه / الطبعة الاولى / عمان / ٢٠١٧

٧. تودوروف ترفيطان / الشعرية / ترجمه شكرى المبخوت و رجاء سلامه الطبعة الثانية/ دار تويقال للنشر / دار البيضاء / ١٩٩٠.

٨. جان كوهن / بنيه اللغة الشعرية / ترجمه : محمد الولى و محمد العمرى / الطبعة الاولى / دار تويتال للنشر / دار البيضاء / ١٩٨٦.

٩. جان كوهين؟ / النظرية الشعرية – بناء لغة الشعر و اللغى العليا / ترجمه : أحمد درويش / دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع / القاهرة / ٢٠٠٠.

١٠. حسن محمد نورالدين (د) الشعرية و قانون الشعر / الطبعة الثانية / دار المواسم للطباعه و النشر و التوزيع / بيروت / ٢٠٠٥.

١١. حسن ناظم / مفاهيم الشعرية / الطبعة الاولى / المركز الثقافى العربى / بيروت / ١٩٩٤.
١٢. خليل الموسى (د) جماليات الشعرية / دمشق / منشورات اتحاد الكتاب العرب / ٢٠٠٨.
١٣. رومان ياكبسون / قضاية الشعرية / ترجمه : محمد ولى و مبارك حنون / الطبعة الاولى / دار تويتال للنشر / دار البيضاء / ١٩٩٨.
١٤. سعد كمونى (د) إغواء التأويل / الطبعة الاولى / المركز الثقافى العربى / الدار البيضاء / المغرب / ٢٠١١ .
١٥. صفيه دريس ، بنيه الخطاب الشعرى عند الحميد شكيل / الجزائر / ١٩٩٤.
١٦. عبدالقادر عميش (د) شعريه الخطاب السردى ، الطبعة الاولى / الجزائر / ٢٠١١.
١٧. عبدالله محمد العظيبى / تحولات النص الشعرى / الطبعه الاولى / دمشق / ٢٠٠٩.
١٨. عصام شرتح / فضاء التخيل الشعرى / الطبعة الاولى / دار الينابيع / دمشق / ٢٠١٠.
١٩. عمر محمد طالب (د) عزف على وتر النص الشعرى . 1986.
٢٠. فاتح علاق (د) مفهوم الشعرعند رواد الشعر العربى الحر دمشق / ٢٠٠٥ .
٢١. فتحى خليقى (د) / الشعرية الغربية الحديثة و أشكالية الموضوع / الطبعة الاولى / الدار التونسية للكتاب / ٢٠١٢ .
٢٢. كمال أبو ديب / فى الشعرية / الطبعة الاولى / مؤسسة الابحاث العربية / بيروت / ١٩٨٧.
٢٣. محمود درابسه / مفاهيم فى الشعرية / الطبعة الاولى / الاردن / ٢٠١٠.
٢٤. محى الدين بن عربى / شعرية النص الصوفى فى الفتوحات المكية / القاهره / ٢٠٠٥.
٢٥. مريم حمزه (د) غموض الشعر و مصاعب التلقى / الطبعة الاولى / مؤسسة الرجاب الحديثة / بيروت / ٢٠١٠.
٢٦. ياسين النصير ، شعرية الماء / الطبعة الاولى / دار سردم للطباعة و النشر / سليمانيه / ٢٠١٢.

**به كوردى:**

٢٧. بەختیار سەجادی و محمد مەحموودی / فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی / بڵاوکراوەی ئاراس / چاپی یەکەم / هەولێر / ٢٠٠٤.
٢٨. دیوانی شێرکۆ بێکەس / سوید / ٢٠٠٩.
٢٩. دیوانی لەتیف هەڵمەت / چاپی یەکەم / تاران / ٢٠١٤.
٣٠. شێرکۆ بێکەس / ئێستا کچێك نیشتمانمه / چاپی یەکەم / دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم / سلێمانی / ٢٠١١.
٣١. عەلی تاهیر بەرزنجی (د) چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی / بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی / هەولێر / ٢٠١٤.
٣٢. محمد عومەر عوسمان / له غوربەتا / چاپی سێ یەم / ٢٠١١.
٣٣. هۆراس / هونەری شیعر / وەرگێڕانی حەمید عەزیز / بەغداد / چاپخانەی الزمان )
٣٤. ئەرەستۆ / هونەری شیعر / وەرگێڕانی : عزیز گەردی / سلێمانی / ٢٠٠٤.
٣٥. ئەنوەر قادر محمد / زریان / زایەڵە / زنار / چاپی یەکەم / سلێمانی / ٢٠٠٤ .

**به فارسى:**

٣٦. بابك أحمدى / ساختار و تأويل متن / چاپ چهارهم / نشر مركز / تهران / ١٣٧٨.
٣٧. بهرام مقدادى / فرهنگ اصطلاحات نقد ادبى از افلاطون تا عصر حاضر . چاپ اول / انتشارات فكر روز / تهران / ١٣٧٨.

38. فاطمه مدرسی (د) / فرهنگ توصیفی نقد و نظریه های ادبی / چاپ اول / ۱۳۹۰.

**نامەی ئەکادیمی:**

39. خەلیل ئیبراهیم مستفا / شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی . نامەی ماجستێر / زانکۆی سەلاحەدین / ۱۹۹۰ – ۱۹۹٦ ز .